# دوو ملیۆن واژۆی سویسری ئەبێ بە تەبع

ئەوە نزیکەی ساڵێکە گەلی کورد لە باشووری کوردستان نزیکەی دوو ملێۆن واژۆ (ئیمزا) یان خستۆتەسەر فۆرمەکانی بزوتنەوەی بەرەو ڕیفراندۆم، بۆ ئەوەی پرسیان پێ بکرێت بۆ دیاریکردنی چارەنووسیان.

کاتێ نوێنەری کۆمیتەکانی دەرەوە 47000 واژۆی کوردەکانی تاراوگەیان بردە نەتەوە یەککگرتووەکان، ئەوان ئامۆژگاریان کردبوون کە پێویستە دەنگەکانی کوردستانیش بێنن و هەروەها پشتگیری وولاتێکی ئەندامی نەتەوە یەککگرتووەکان پەیدا بکەن، تا پرۆسەی ڕیفراندۆم بچێتە ڕژێڤی نەتەوە یەککگرتووەکان. هەر لەوکاتەوە کۆمیتەکانی دەرەوەی بزوتنەوەی بەرەو ڕیفراندۆم بە بەردەوامی هەوڵ دەدەن لەگەڵ لیژنەی باڵای کوردستان کە هەرچی زووترە دەنگەکانیان بۆ بنێرن بۆ ئەوەی کاری بۆ بکەن.

بەڵام بە داخەوە تا ئەمڕۆ ئەم دەنگانە لە کوردستانەو نەگەیەنراوەتە دەرەوە. ئێستاش بە پێی ئەو بەدواداچونەی کۆمیتەکانی دەرەوە کردویانە، خەڵکانی یاساناس و شارەزا قسەلەوە دەکەن کە ئەو واژۆیانە لەماوەی یەک ساڵدا کاری پێدەکرێت و دوای ئەوە گرنگی نامێنێ.

ئەوەش ئاشکرایە کە لیژنەی باڵای کوردستان لێپرسراوە بەرامبەر ئەو ئەرکە، ئەگەر واژۆکان ماوەی کارکردنیان بەسەر بچێ گەلی کورد جارێکی تر تووشی دڵشکان و نائومێدی دەبن. ئەو گوناهەش دەکەوێتە ئەستۆی لیژنەی باڵای کوردستان، ئەو کاتیش ئەو ڕەنج و شەونخونیەی کێشایان بۆ کۆکردنەوەی واژۆکان دەبێتە تەوقی تیروتوانج بۆ گەردنی خۆیان.

هاوڕێ نوری
28-11-2004
hawrenoori@aol.com